# شـەرحی فەرموودەی (احفظ اللّه يحفظك)

[ كردي – كوردی – kurdish ]

سـومەيە عبد اللّه

پێداچونەوەی: پشـتيوان سـابير عەزيز

2011 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ شرح حديث (احفظ الله يحفظك) ﴾

« باللغة الكردية »

سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1433

IslamHouse.com

## شـەرحی فەرموودەی (احفظ الله يحفظك)

خۆشـەویسـتان ئەم فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کۆمەڵێك وێسـتگە لە ژیانی تاك و کۆمەڵی موسـڵماناندا پێکدێنێت و چەندەها خاڵی گرنگ لە بیروباوەڕ و هەڵوسوکەوت و زیندەگی موسـڵمان بەرجەسـتە کردووە، شـایەنە بەوەی بەردەوام ئێمە بیخوێنینەوە و سـەرنج و تێڕامانی قوڵی لێبدەین و لە ژیانی خۆماندا بەرجەسـتەی بکەین.

ئەم فەرموودە پیرۆزە لە دوو ڕیوایەت و گێڕانەوەدا هاتووە بە یارمەتی خوا ڕوونیان دەکەینەوە .

ڕیوایەتی یەکەم

عبد الله بن عباس رضي الله عنهما قال كنت خلف النبي (صلى الله عليه وسلم ) يوما فقال يا غُلامُ إِنّي أُعلِّمكَ كَلِمَاتٍ : « احْفَظِ اللّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظِ اللّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَل اللّه ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللّهِ ، واعلَمْ : أنّ الأُمّةَ لَو اجتَمعتْ عَلَى أنْ ينْفعُوكَ بِشيْءٍ ، لَمْ يَنْفعُوكَ إِلاّ بِشَيْءٍ قَد كَتَبَهُ اللّهُ لَكَ ، وإِنِ اجْتَمَعُوا عَلَى أنْ يَضُرُّوك بِشَيْءٍ ، لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاّ بَشَيْءٍ قد كَتَبَهُ اللّه

عليْكَ ، رُفِعَتِ الأقْلامُ ، وجَفّتِ الصُّحُفُ { رواه الترمذي وقال :حديث حسن صحيح، الترمذي (٢٥١٦)، أحمد (٣٠٣/١) } .

ڕیوایەتی دووەم

احفظَ اللّهَ تَجِدْهُ أمَامَكَ ، تَعَرّفْ إلَى اللّهِ في الرّخَاءِ يعرِفْكَ في الشّدِةِ ، واعْلَمْ أنّ مَا أخْطَأكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصيبَك، وَمَا أصَابَكَ لمْ يَكُن لِيُخْطِئَكَ واعْلَمْ أنّ النّصْرَ مَعَ الصّبْرِ ، وأنّ الْفَرَجَ مَعَ الْكَرْب ، وأنّ مَعَ الْعُسرِ يُسْراً {رواه أحمد (٣٠٧/١)، والحاكم (٦٢٤/٣)} .

ئەم فەرمووده پیرۆزه لە ڕەوانبێژترینی وەسێت و ڕاسپاردەکانی پێغەمبەره (صلى الله عليه وسلم) ئەوەتە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەروەك لە ڕیوایەتی یەکەمیشدا هاتووە-بە موقتەزای ئایەتی : {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ } { الفاتحة : ٥} فەرمان ئەدات بە ئیبن عەبباس خوا لێی ڕازی بێت کە هەر دەبێت ئەو زاتە داوای لێ بکرێت و ئومێدو هیوا هەر بەو بێت، هەر ئەو زاتە شایەنی بەندایەتییە، هەروەها دەبێت داوای یارمەتی و کۆمەك هەر لەو بکرێت، بۆ ئەوەی ئەمانەوێت پشت هەر بەو ببەسترێت، وە ئێمە نیازمەندو هەژاری پەروەردگارین لە ناسینی و ناسینی ئەو

حەقەی بەومان دەگەیەنێت، هەروەها ئێمە هەژارو نیازمەندی یارمەتی و عەونی ئەوین تاکو بەردەوام و جێگیر بین لەسەری .

مانای {احفظ الله يحفظك} (خوا بپارێزە خوا دەتپارێزێت)، چۆن مرۆڤ ئەوەی لە نێوان خوێ و خوادایە دەیپارێزێت، چۆن دەتوانێت مانای ئەم فەرموودەیە بەجێ بێنێت؟

ئەوە كاتێك دەبێت كە تۆ شەرعی خوا بپارێزیت و لە سنوورەكانیدا بوەستیت، بە زانست و كارو دەعوەو بانگەواز پێی هەڵسیت .

ئەوەی لەگەڵ خوادا بوو خواش لەگەڵیدایە : { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ } {محمد:٧} واتە : ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، ئەگەر ئێوە خوا سەربخەن خواش ئێوە سەر ئەخات و پێتان جێگیر دەكات.

جا هەر كەسێك خوای سەرخست، لەگەڵ خوادا بوو، ئەوەی خوای گەورە سبحانەوتعالى لەگەڵیدایەو پاڵپشتییەتی و ئەیپارێزێت .

مانای (إذا سألت فاسألِ الله ) واتە : ئەگەر پرسیارت كرد، هەر لە خوا پرسیاو داوا بكە، لێرەدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەسڵ و بنەمایەكی گەورە لە تەوحیدو یەكخواپەرستی دادەنێت،

ئەوەیش پرسیارکردن و ڕووکردنە پەروەردگارە، مرۆڤ بەسرووشتی خۆی هەژارو نیازمەندە، هەموو دروستکراوێك لەم دنیایەدا بە سرووشتی خۆی هەژارەو پێویستی بە جگە لە خۆی هەیە، تەنانەت دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندانی دنیا پێویستییان بە جگە لە خۆیان هەیەو بە تەنها بێ دەوروبەریان ناتوانن زیندەگی بکەن، ئەبینیت کە خاوەن سامان و ماڵ و کورسی و دەسەڵاتەو خۆی بە شتێکی زۆر گەورە دەزانێت، بەڵام لە ڕاستیدا پێویستی بە موچە خۆرەکەیەتی کاری بۆ ڕاپەڕێنێ، پێویستی بە سەربازو کەسانی چواردەوریەتی و خۆی بە تەنها هیچی بۆ ناکرێت، کەواتە نیازمەندە بەو موچەخۆرەی لە بن دەستیدایەو بەو سەربازەی لە خزمەتیدایەو هەروەها ..

کەواتە :پێویستی و نیازمەندی هاوەڵی مرۆڤە، هەژاری شتێکی زاتی مرۆڤەو لێی جیا نابێتەوە، جا لەبەر ئەوەی هەژارە پێویستی بە داواو پرسیار هەیە لە جگە لە خۆی، لێرەوە کەسانێکی زۆر سەریان لێ دەشێوێو لە جگە لە سەرچاوەی خۆیەوە داوا دەکەن، ئەوەتە لە بریتی ئەوەی لە خوا سبحانەوتعالی داوا بکەن، داوایان لە

بت و بەردو دارو مردووەکان دەکردو هاواریان لێ دەکردن، لەبەر ئەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەم بنەما گەورەیە لە بنەماکانی یەکخواپەرستی ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموێت: ( إذا سألت فاسأل الله، وإذا استعنت فاستعن بالله) هەروەك لە سوورەتی فاتیحەدا دەفەرموێت : {إِيّاكَ نَعْبُدُ وَإِيّاكَ نَسْتَعِينُ} { الفاتحة : ٥} جا هەرکاتێك داوامان کرد، داوا لە خوا ئەکەین، جا ئەم عیبادەتانە هەموویان دوعاو پاڕانەوەن، هەموویان تەوسول و بەهۆکارگرتنن، هەموویان داوالێکردنن، هەردەبێ لە گەڵ بەندایەتیماندا ئیستیعانەوە داوای کۆمەك بکەین، دەیپەرستین و هەرداواش لەو دەکەین، هەروەها داوای کۆمەك و ئیستیعانەش هەر لەو دەکەین سبحانەوتعالى، وەك ئەوەی ئەم فەرموودەیە بە تەواوی مانای ئەم ئایەتە پیرۆزەی { إِيّاكَ نَعْبُدُ وَإِيّاكَ نَسْتَعِينُ} { الفاتحة : ٥} لە خۆ گرتبێت .

پاشان ئەم مانایە ڕوون ئەکاتەوە کە پەیوەندی بە قەدەرەوە هەیەو ئەفەرموێت: ( واعلم أن الأمة لو اجتمعوا على أن ينفعوك بشيء، لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك) واتە : بزانە کە ئەگەر هەموو ئوممەت کۆ ببنەوە تاکو سوودێکت پێ بگەیەنن، پێت

ناگەیەنن مەگەر بە شتێك نەبێت كە خوا بۆتی نووسیوە، ئەگەر هەرچی لە ئادەمیزادو پەری هەیە كۆ ببنەوەو بیانەوێت بە هەر شتێك بێت سوودێكت پێ بگەیەنن، سوودبەخشت ناكەن تەنها مەگەر بەوە نەبێت كە خوا لەسەرت نووسیوەتی، لە سەرەتاو كۆتاییدا فەزڵ و گەورەیی هەر بۆ ئەو زاتەیە، لێرەوە ئەگەر هەر مرۆڤێك ئەمەی بزانیایەو لێی دڵنیا بوایە، لەڕاستیدا ئاڕاستەی ژیانی دەگۆڕاو بەجۆرێكی تر لە ژیاندا زیندەگی و مامەڵەی دەكرد .

وە هەروەها بزانە كە: ئەگەر خەڵكی هەموو بەگشتی كۆ ببنەوە تاكو زیانێكت پێ بگەیەنن، پێت ناگەیەنن مەگەر ئەوە نەبێت كە خوا لەسەرتی نووسیوە، ئەمەش كە ڕیوایەتەكەی تر ڕوونی كردۆتەوە: (واعلم أن ما أخطأك لم يكن ليصيبك، وما أصابك لم يكن ليخطئك) وە بزانە ئەوەی هەڵەی كردیت تووشت نایەت، وە ئەوەش تووشت هات هەڵەت ناكات هەر بۆت دێت (هەرچییەك بگرەو بێنە بوترێت، وەك (ئەگەر ئەو بوایە) یان (ئەگەر وا نەبوایە)، (ئەگەر وام بكردایە وا دەبوو) (ئەگەر ئەوەم نەكردایە ئەوەم تووش نەدەهات هیچ سوودێكی نییە، چونكە ئەگەر دەرگای شەیتان دەكاتەوە، وە

ئێمە جڵەوگیریمان لێ کراوە لە وتنی وشەی (ئەگەر –لو-)، چونکە بەڵگەیە لەسەر لاوازی ئیمان بە قەدەر، ئیمانداران ناڵێن: ئەگەر ئێمە ئەوەمان بکردایە، یان ئەگەر وامان بگوتایە.. و جگە لەم قسانەی دیکەش، بەڵکوو دەڵێن :ئەوە تەقدیری خوای لەسەر بووەو ئەوەی ویستی لەسەر بوبێت کردویەتی (قدر الله و ما شاء فعل)، وە دەزانن ئەوەی تووشیان دێت هەڵەیان ناگات، خوای گەورە دەفەرموێت : { قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ }{التوبة:٥١} هەروەها فەرموویەتی : {مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الأَرْضِ وَلا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا } {الحديد:٢٢} واتە: پێش ئەوەی کە دروستی بکەین، جا ئەگەر مرۆڤ تووشی خراپەو موسیبەتێك هات ئەوە لەسەریەتی بزانێت کە خوا سبحانەوتعالی بە پەنجا هەزار ساڵ پێش ئەوەی زەوی و ئاسمانەکان دروست بکات لەسەری نووسیوە، جا ئیتر بۆچی ئەگەر بێ هیوای و تەنگەشە ڕووی تێ کرد دەڵێت: ئەگەر ئەوەم بکردایە وا دەبوو؟! یان ئەگەر وام نەکردایە وا نەدەبوو؟! وە لەوانەشە کەسێك تورە ببێت و خۆی گرژ بکات و سکاڵای خۆی لە خوای

تعالی بکات و بڵێ: خوا ئەوەی پێ کردم، ئەوەی لەسەر نووسیم؟!
خوای گەورە پێش ئەوەی زەوی و ئاسمانەکان درووست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ ئەمەی لەسەر نووسیویت، جا ئیتر بۆچی لای بێتوانایەکی وەك خۆت سکاڵا لە خوا دەکەیت، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەویش بە هەمان شێوە پێش پەنجا هەزار ساڵ هەمان شتی لەسەر نووسراوە کە چی بەسەر دێت و ڕەنگە لەتۆش زیاتر تەنگەشەی ژیان تووشی بێت؟ !
مانای فەرموودەی دووەم : پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : (احفظ الله تجده أمامك) هەروەك لە ڕیوایەتەکەی تردا دەفەرموێت: (احفظ الله تجده تجاهك) ئەگەر بەندەی خوای خۆی پاراست، واتە: فەرمان و سنوورەکانی پەروەردگاری پاراست، لەو شوێنانە نەبینرا کە نەهی لێ کردووە، لەو جیگایانە دەبینرا کە فەرمانی پێ داوە، ئەوە بەوە ئەو پلەیە بەدەست دێنێت، ئەویش کە خوای گەورە دەیپارێزێت، وە ئەبینێت کە پەروەردگاری یارمەتیدەرو پاڵپشتی دەبێت و تەوفیقی دەدات و لەگەڵیدایە، هەروەك سوننەتێکی خواییەو دەفەرموێت : { إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ

آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الأَشْهَادُ } {غافر:٥١} ئەمە وەعدو پەیمانی خوایەو پێچەوانەو موخالەفەی تێدا نییە بە هیچ جۆرێك، هەركەسێك لەگەڵ خوادا بێت، فەرمانی خوا بەجێ بێنێت، خواناس و بە تەقوا بێت، چاودێرو ئاگادار بێت لە پەروەردگاری؛ ئەوە بێ گومان خوای گەورە دەیپارێزێت و بەرگری لێ دەكات و پاڵپشتییەتی، تەوفیقی ئەدات بۆ گوێڕایەڵی و عیبادەتی زیاتر .

پاشان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: { تعرّف إلى الله في الرخاء يعرفك في الشدة } واتە : خوا بناسە لە كاتی خۆشیدا، دەتناسێت لەكاتی ناڕەحەتی و تەنگانەدا..... لێرەدا خاڵێكی گرنگ هەیە، كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆیە پێی لەسەر ئەمە داگرتووە، چونكە ناسین و ڕووكردنە خوا لە كاتی تەنگەشەو ناڕەحەتیدا موسڵمان و بێباوەڕ تێیدا بەشدارن، هەروەك خوای باڵادەست لە حاڵ و ئەحواڵی كافراندا بۆمانی باس دەكات؛ كە كاتێك سواری كەشتییەك دەبن شەپۆلی توند لەملاولاوە تەنگیان پێ هەڵدەچنێ، ئا لەو كاتەدا هەرچی لەوەو پێش باوەڕیان پێی بووە و هاواریان لێ كردوو وازی لێ دێنن و ڕوو دەكەنە خوا،

بەدڵسۆزانەوە هاواری لێ دەکەن و دەپاڕێنەوە، وەك دەفەرموێ: {فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ} {العنكبوت:٦٥} بەڵام کاتێك ڕزگاریان بوو دەگەڕێنەوە هەمان کاری پێشویان و لە بیریان دەچێتەوە .

بەڵکوو خوای گەورە هەواڵی داوە کە کافرەکان لە نێو توندو سەختی سزای دواڕۆژدا ئاوات دەخوازن دووبارە بگەڕێنەوە بۆ دنیا، داوا لە خوای متعال دەکەن کە بیانگەڕێنێتەوە بۆ دنیا بەڵکوو کردەوەی چاکەی تێدا بکەن، بەڵام خوای گەورە ڕوو بەوان دەفەرموێت: { وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ } {الأنعام:٢٨} واتە : خۆ ئەگەر گەڕێنرانەوە (بۆ ژیانی دنیا) ئەوە بە دڵنیاییەوە دەگەڕێنەوە سەر ئەو (کردەوانەی) نەهییان لێ کرابو، ئەوانە لە ناواخن و دەروونیاندا ڕیشەی داکوتاوە کە تەنها و تەنها لە کاتی کارەسات و سەختیدا خوا دەناسن و بەس؛ کاتێك دنیا لەسەریان هاتەوە یەك، گشت ڕێگەکانیان لێ داخرا، هیچ پەناو ڕزگارکەرێکیان نەدیەوە؛ ئیتر لەو کاتەدا بیریان دێتەوە کە هەر خوای گەورەیە پەنای پێ دەبرێت و هاواری لێ دەکرێت، تەنها داوا هەر لەو دەکرێت و هیچ شەریك و

هاوەڵێکی نییە، نە لات، نە عوززا، نە هوبەل؛ چونکە ئیتر لەوێدا دەزانن کە تەنها خوای تعالی دێت بە دەم بەندەکانیەوەو هاواریان وەردەگرێت .

پێشەوای (موجەدید ) شێخ موحەممەدی کوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت، باس لەوە دەکات کە: هاوەڵگیرانی ئەم سەردەمە سەختگریترو ملنەدەرترن لە هاوەڵگیرانی سەردەمی پێغەمبەر صلیالله علیه وسلم، چونکە هاوەڵگیرانی سەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەنها لە کاتی خۆشی و ئیسراحەتیاندا هاواریان دەکردە بوت و خواکانیان، بەڵام هاوەڵگیرانی ئەم سەردەمە لە کاتی خۆشی و ناخۆشیشدا هەر هاوار دەکەنە جگە لە خوا پەنا بەخوا .

بەڵام ئیمانداران ئەوانەن کە لە حاڵەتی خۆش و خۆشنودەییاندا خوا دەناسن و هاواری لێ دەکەن و لێی دەپاڕێنەوەو دەیپەرستن، خۆیانی لێ نزیك دەکەنەوە، ئاواتیان ڕازیبونی خوایە، لە کاتی خۆشیدا خۆیان لە تاعەت و بەندایەتی بۆ خوادا بەکار دێنن، جا کاتێ ناخۆشی و تەنگەشەو سەختی هات بەسەریاندا خوا لە

بیریان ناكات و رزگاریان دەكات، دەروویان لێ دەكاتەوە و كاریان بۆ ئاسان دەكات .

نموونەی ئەمە چیرۆكی ئەو سێ كەسەیە كە چونە ناو ئەشكەوتەكەوە دەرگاكەیان بەسەردا داخرا، ئەمانە لە كاتی خۆشی و ئیسراحەتیاندا بە دڵسۆزانە خوایان دەناسی و بەندایەتیان بۆ دەكردو لە ڕەزامەندی خوادا بوون، كاتێكیش تەنگەشەو سەختی و ناڕەحەتی هات، بەو كردەوە چاكانەیان تەوسولیان بۆ لای خوا كرد، خوای گەورەش نەجاتی دان و ڕزگاری كردن، بەڵام ئەگەر هاتوو كاتێ ناڕەحەتییەكە ڕووی داو ئەوكات مرۆڤ سوێندی خواردو وتی: ئەگەر ڕزگارت كردم ئەوە تەوبە ئەكەم لە زیناكردن... یارمەتی ستەملێكراوو هەژاران دەدەم، یان حەقی خاوەن حەق دەدەمەوە، ئەوە ئەوكات هیچ بە دەرد ناخوات و سوودی نییە .

ڕاستە خوای گەورە دێ بە دەم زۆر بۆ هاتووەوە كاتێك هاواری لێ دەكات، بەڵام ئیماندار لە گەورەی خۆی نزیك دەبێتەوە، پەروەردگاری بەخشندەو خاوەن كەرەم، دەست ئەكات بە كردنی

چاكەو پاداشتی لای خوا ون نابێت، خوای تەعالا پاداشتی چاكەكەران ون ناكات؛ جا ئەگەر تەنگەشەو ناهەمواریيەك هاتە ڕێی ئيماندار، ئەوە خوای گەورە دەرووی لێ ئەكاتەوەو لە بيری ناكات، مرۆڤيش هەردەبێ تووشی موسيبەت و تەنگ و چەڵەمەی ژيان ببێت؛ جا لە كاتی زيندەگيدا بێت يان لەدوای مردنی؛ چونكە ئەگەر هات ومرد تووشی توندی و ناڕەحەتی دێت لە مردنەكەيدا، يان لە ڕۆژی حەشرو گردبونەوەيدا، ڕۆژی قيامەت، لەوێدا ئينجا كەس ڕزگاری نابێت مەگەر كەسێك لەوەو پێش شتی باشی چاندبێت و كاری كردبێت، بە پارێزو كاری چاكەو خواناسی لە پەروەردگارو گەورەی خۆی نزيك بوبێتەوە .

جا لەسەر مرۆڤە كە سوور و بەردەوام بێت بۆ ئەوەی لە ژيانيدا خوای خۆی بناسێت، تاكو پاشماوەو كاريگەری ئەوە لە گۆڕەكەيدا بەدی بكات، لە كاتی شيدەت و تەنگەشەی گەورە، لەكاتی وەستان لە مەحشەرو عەرەسات، كاتێك وشە بێتوانايە لە گوزراش لێی و باسكردنی .

جا ئەمە وەسیّتی پیّغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) بۆ تۆبەکاران و گەراوەکان و ملکەچان و پاریّزکاران، ئەوانەی کار ئەکەن و کۆشش ئەکەن و دڵنیان لەوەی کە بۆ لای پەروەردگاریان دەگەڕێنەوە، نە کات و وەرزی خێرو چاکەیان لەدەست دەچێت، وە نە کاتی لەش ساغی و گەنجی و لاویّتییان.. لە کیسیان ناچێت چونکە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ڕۆژی ناڕەحەتی و تەنگەشەیی، ئەوەی ئەمڕۆ ئاسان و سانا دێتە پێش دەستیان لەکاری چاکەو خواناسی هۆکارەکانی تەقوا، بۆ ئەو ڕۆژە پێویستیان پێیەتی و نیازمەندن پێی .

مانای فەرموودەی: (واعلم أن ما أخطأك لم يكن ليصيبك) واته : پاشان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : {واعلم أن ما أخطاك لم يكن ليصيبك، وما أصابك لم يكن ليخطئك} وە بزانە ئەوەی لێت هەڵە دەبێت (بۆ تۆ نابێت) نابێتە بەش و نسیبت، وە ئەوەش تووشت هاتووە لێت هەڵە نابێت هەر بۆت دێت هەروەک لە ڕیوایەتەکەی یەکەمدا هاتووەو دەفەرموێت: (واعلم أن الأمة لو اجتمعوا على أن ينفعوك بشيء، لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله

لك، ولو اجتمعوا على أن يضروك بشيء، لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك) ئەمە هاوشێوەی فەرموودەی خوایە کە دەفەرموێت:{قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلّاَ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا } {التوبة:٥١}، ئا بەم شێوەن ئیمانداران؛ ئەزانن ئەوەی کە تووشیان دێت لە خێرو شەڕ، لەوەیە کە خوا لەسەری نووسیون یان بۆی نووسیون، وە بەم شێوەیەش دەرەنجامەکە لە تەقواو گەڕانەو ملکەچبوون بۆ خوای متعال خۆی دەبینێتەوە .

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیمانداران واز لە هۆکارەکان بێنن، بەڵکوو ئەرك و پێوستە لەسەریان کە هۆکارەکان بگرنە بەر، بەڵام باش ئەزانن کە ئەو هۆکارانە خۆیان نین کە بەڵاو موسیبەتیان لەسەر لا دەبات، بەڵکوو ئەوەی نایهێڵێت و لایدەبات خوای تەعالایە، وە هەر ئەوە کە لە ئەزەلدا نووسیویەتی کە ئەو کارە نابێت ڕوو بدات .

وە لە حاڵەتی بەرامبەردا: (وما أصابك لم يكن ليخطئك) واتە: ئەگەر هاتو شتێکت تووش هات و پێت ناخۆش بوو مەڵێ: ئەگەر من ئەوەم بکردایە وادەبوو یان وا نەدەبوو، یان ئەوەم تووش

نەدەهات، وە وا گومان مەبە کە بە هۆی پیلانی خەڵکەو ئەو کارە هاتۆتە ڕێت، یان خەڵکی ویستویانە ئەو خراپەیەت تووش ببێت، لە گەڵ ئەوەدا کە ئەمانە هۆکارانێکن خوا دروستی کردوون، بەڵام ئەوە ئەو نییە کە ئەوکارەی کردووە، وە ئەگەر خوا هەر لە ئەزەلەوە لە سەری نەنوسیبیتایە هیچ شتێك ڕووی نەدەدا، پاشان هەرچەندە هۆکارەکان بگریتە بەرو ئیحتیات بخەیت، ئەوەی خوا لەسەرتی نووسیوە هەردەبێ ڕوو بدات و بێتە جێ .

پاشان سەلات و سەلامی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت :(

واعلم أن النصر مع الصبر) وە بزانە کە سەرکەوتن لە ئارامی و خۆڕاگریدایە سەرکەوتن ئاواتی هەموو کەسێکە، خوای باڵادەستیش سەرکەوتنی بە ئارامی و خۆڕاگرییەوە بەستووە، ئەگەر نا سەرکەوتن نییە، عادەتەن سەکەوتنیش لە ناو جەنگ و مەیدانی شەڕدا دەبێت، جا ئایا ئێمە مەگەر لە شەڕو جەنگدا نین؟! وە هەموو خەڵکی تەنانەت ئەوانەش باوەڕیان بە خوای پەروەردگار نییە دەڵێن: جەنگی ژیان، ململانێی ژیان.. ناخۆشی و ئاستەنگەکانی ژیان، ئەمەش هەقە، ئەوانە لە جەنگدان لەگەڵ

دەروونی خۆیاندا، لەگەڵ خەڵکی و پارەو ساماندا، لەگەڵ هەموو شتێکدا؛ ژیان بەڕاستی جەنگ و ململانێیە، بەڵام ئەوەی لە داهاتودا دەیباتەوە ئیماندارە، وە ئەگەر ئەمانەوێت سەرکەوین لەسەرمانە بە ئارام و خۆڕاگر بین، بە تایبەت ئەو کەسەی بانگەواز بۆ لای خوا دەکات، فەرمان ئەدات بە چاکەو بەرگری لە خراپە دەکات : {وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ } {لقمان:١٧} فەرمان بدە بە چاکەو جڵەگیری لە خراپە بکەو لەسەر ئەوەش کە تووشت دێت بە ئارم بە خوای گەورە بۆ پێشەوایەتی لە دیندا دوو مەرجی داناوە کە هەر دەبێ دەستەبەر ببن ئەوجا ئەو پێشەوایەتییە دێتە جێ،ناتەواوی لەکە لە هەریەکێکاندا بەدی هات، ئەو پێشەوایەتییە خەلەلی تێ دەکەوێت و بەجێ نایەت، ئەو دوو مەرجەش: ئارامی و دڵنیایی (الصبر و اليقين)ن، وەك دەفەرموێت : {وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ} {السجدة:٢٤} ئەوەتە ئەوانەی لە نەوەی ئیسرائیل ئەم دوو مەرجەیان بەجێ هێنا ئیمامەت و پێشەوایەتی ئایینییان پێ درا .

کەواتە هەردەبێت خۆڕاگرو بە ئارام بین ( واعلم أن النصر مع الصبر )بێگومان عەرەبیش وتویەتی : (بين النصر والهزيمة صبر ساعة ) واتە : لە نێوان سەرکەوتن و ڕووخاندا سەعاتێك خۆڕاگرییە، ئەوەتە عەنتەرەی کوڕی شەددای سوارچاکی ناسراوی سەردەمی نەفامی کاتێك پرسیاری لێ دەکەن: بەچی بەسەر نەیارەکانتدا زاڵ بویت؟ دەیگووت :زۆرانبازیم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکردووە مەگەر وتومە: ئێستە هەڵدێم و را ئەکەم، پاشان وتومە: تۆزێکی تر چاوەڕێ دەکەم ڕەنگە ئەو راکات و پروخێت، بەم جۆرە ڕووخاوەو هەڵهاتووە، ئیتر بەم شێوەیە من سەرکەوتنم بەدەست هێناوە.

جا بەم شێوەیە مرۆڤ خۆی ڕابێنێ لەسەر خۆڕاگری تا خوای گەورە دەرگای لێ دەکاتەوەو ڕووخان و شکست لە لای بەرامبەریەوە دەبینێت، لاکەی بەرامبەریش لە نەفس و شەیتان و دونیاو هەواو ئارەزووەکانی مرۆڤ و دوژمنی شەڕدا خۆی دەبینێتەوە .

پاشان پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (وأنّ الفرج مع الكرب) واتە : وە دەروو لێکرانەوە لەگەڵ تەنگەشەو ناڕەحەتیدایە،

وورد بەرەوە لەم ڕەوانێژییە پێغەمبەرایەتییەو سەیرێکی واقع و ژیانی خەڵکی بکە، پروانە خەڵکی چۆن بەردەوام دەیانەوێت هەمیشە دەروو لێکراوە بن و هیچ تەنگەشەو ناڕەحەتییەك ژیانێان نەژاکێنێ، هەمیشە دەیانەوێت ئاسانکاری و چاکەیان ڕوویان تێ بکات و لە تەنگەشەو ئازارەکان ڕا ئەکەن، بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لێکی نزیك کردونەتەوەو پێکەوە گرێی داوون، جا ئەگەر تۆ سەرکەوتنت دەوێ ئەوە لەگەڵ خۆڕاگری و ئارامیدایە، ئەگەر دەرووکرانەوەت ئەوێت ئەوە لە گەڵ تەنگەشەو ناڕەحەتیدایە، ناکرێت دەرووت لێ بکرێتەوە بێ ئەوەی تووشی کەرب و ناڕەحەتی نەیەیت، موقتەزای ئەمە: ئەگەر هاتوو تووشی تەنگەشەو دەردو ناڕەحەتییەك هاتیت و سەبرو ئارامیت لەسەر گرت، ئەوە بێگومان هەر خۆشیت بۆ دێت و دەرووت لێ دەکرێتەوە .

پاشان دەفەرموێت: {وأنّ مع العسر يسراً} وە لەگەڵ ناڕەحەتیدا ئاسانکاری هەیە، ئەمەش لەوەیە کە خوای گەورە بەندە ئیماندارەکانی پێ تایبەتمەند کردووە، ئەوانە کە لە گەڵ ئەو گشتە ناڕەحەتی و کۆسپانەی دێنە ڕێیان ئارامگرو خۆڕاگرن، سەیری

خۆراگری پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) و هاوەڵە بەڕێزەکانی بکە، ئەوەتە پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم ئەشکەنجە دەدرا هەر لەبەر ئەوەی دەیگوت: خوا پەروەردگارمە، هەروەك ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: (أتقتلون رجلاً أن يقول: ربي اللّٰه؟).

ئایا پیاوێك ئەکوژن کە دەڵێ اللّٰه پەروەردگارمە؟ [!ئەم وتەیەش ئیماندارەکەی ئالی فیرعەون لە پێشدا ڕوو بە فیرعەون و تاقمەکەی وتبوی، خوای گەورە دەفەرموێت : {وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ } {غافر:٢٨} هەروەها هاوەڵەکانیش خوا لێیان ڕازی بێت، ئەشکەنجەو سزا دەدران و دەردەکران و ئیهانەو بێڕێزییان پێ دەکرا؛ چونکە دەیانگوت: اللّٰه پەروەردگارمانە، تەنانەت کاتێکیش کۆچیان کرد بەرەو حەبەشە، لەگەڵ ئەوەشدا لە وڵاتی نامۆیی و هەندەران بوون و تووشی بێزاری و بێتاقەتی و دووری لە وڵات و کەس و کار هاتن، بەڵام قورەیش هەر وازی لێ نەهێنان و شاندێکی نارد بۆ حەبەشە بۆ لای نەجاشی پێیان وت :ئەمانە دەستبەرداری ئایینەکەمان بوون و

ئەوەی ئێمە لەسەری بوین وازیان لێ هێناوە، داوات لێ ئەکەین کە بیانگەڕێنیتەوە بۆ لامان !

سبحان الله !!بەم شێوەیە مرۆڤ زۆری لێ دەکرێت و ملکەچ دەکرێت کە دان بە ناهەقدا بێنێت، ئازادی لێ زەوت دەکرێت؛ چونکە دەڵێت: الله پەروەردگارمە، ئەوانیش جگە لە ئارامی و خۆڕاگری و تەحەموول هیچی تریان زیاد نەکرد .

هەروەها لە بەدر، لە ئوحود، لە خەندەق، لە حونەین، لە تەبووك، وە لە شوێنانی دیکەی جگە لەوانەش خۆ ڕاگرو بەئارم بوون و وەك کێو لەبەر دەم تەوژم و هەڕەشەی نەفامیدا وەستابوون .

ژیانی خۆی و هاوەڵەکانی سەلامی خوای لێ بێت هەمووی میحنەت و دەردیسەری و ناڕەحەتی و تاقیکردنەوە بوو، بەڵام ئارامییان گرت، ئینجا لە پاشاندا ئاسانی و خۆشی لە لایەن پەروەردگارییانەوە ڕووی تێکردن، دونیا بەرەو ڕوویان هات، خوای گەورە کردنییە میراتگری موڵك و دەسەڵاتی کیسراو قەیسەر، پەیمانی لەوەش گەورەتری پێ دان، ئەویش کە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خۆیەتی، چونە بەهەشتەکەیەوە کە وادەی پێ بە بەندە

چاکەکانی داوە، ئەوانەی کە یەکەم کەسێکن کە دەگەنە ئەو وادەو پەیمانی خوایە سبحانەوتعالی .

کەواتە :ئەم فەرموودەیە لە کۆی وەسێت و ڕاسپێرییەکانی پێغەمبەرە (صلی اللە علیە وسلم) کە پێویستە لەسەرمان لێی ورد بینەوەو جوان سەرنجی بدەین، بە فیڕۆی نەدەین و پشت گوێی نەخەین .

وصلی اللە وسلم علی نبینا محمد وعلی آلە وصحبە وسلم